
زنجیرە کتێبی ئەلیکترۆنی
گرووپی نەسین ژمارە یەك

مەولانای ڕۆمی




ئامادەکردنی : ایبراهیم صاڵح (نەسین)

بسم الله الرحمن الرحيم

زنجیرە کتێبی ئەلکترۆنی گرووپی نەسین

ناوی کتێب | مەولانایی رۆمی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی | ایبراهیم صالح
ژمارەی کتێب | یەکەم



تایبەت بە ماڵپەڕی کورد فۆتۆ
WWW.KURD4TO.ML
لە فەیس بووک : Ebrahem Salh

پێشەکی

ئەم کتێبە ئەلیکترۆنەیە کە لەبەر دەستت دایە
ئەنجامی هەوڵ و کۆششێکی بێ پایانی گرووپی
نەسین ـە بۆ کۆکردنەوەیی کۆمەڵێکی زۆر
لە وتەو شعرە کانی مەولانایی ڕۆمی
وە هەر وەها لەم کتێبە و لە کۆتایێ کتێب
وەسێت نامەی مەولاناهەیە
کە بەهیوام تەواوی کتێبەکە
کەمێك ئارامی بە خوێنەرانی
تێکستی مەولانا بدات

ئامادەکار
2015 . 4 . 30

مەولانایی ڕۆمی

ئەو ساتە کە غەم دامدەگرێ من شاد
ئەو دەم کە خەراب دەبم ئەمن ئابادم
ئەو ساتە کە بێدەنگ و کپم چەشنی زەوی
وەك بەرق و برووسکە دەگاتە تەشق فەریادم

بێدەنگ ئەبم...
چۆن ئەتوانم باسی تۆ کەم،
کە نازانم خۆم چیم و کێم؟

لەپشت فیکرەکانی چاکە و خراپەوە
شوێنێك هەیە،
لەوێ ئاشنات ئەبمەوە...

خەندەیەك بخەرە سەر لێوەکانت...
نرخی گەوهەر چییە،
ئەگەر نەدرەوشێتەوە؟

مەولانایی ڕۆمی

چەندێکە هەیڤ و خۆر، بە شەو و ڕۆژ،
ئەم ئەو ئەبا و ئەو ئەم دێنێ،
هەر بۆ ئەوەی...
شەوێك لەگەڵ تۆ بەرمە سەر؟

نزیك ببەرەوە خۆشەویست...
با یەکتر بپەرستین،
بەر لەوەی لە منوتۆیەك
زیاتر هەبێ...

دواجار تێگەیشتم، هەموو بوونەوەرێك تامی مەرگ دەچێژێت،
بەڵام تەنیا هەندێکیان تامی ژیان ئەکەن...

عەشق ماڵی خودایە و تۆش لەو ماڵەیا ئەژیت...

من گۆرانیبێژی نەمریم و
سترانی خۆشبەختی ئەچڕم...

مەولانـایی ڕۆمی

منی هەق ئافراندوە پڕ لە مەی ئەشق
هەمان ئەشقم ئەگەر مەرگ بمفڕێنێ

ئەی خودا ئەم وەسڵە قەت هیجران مەکە
سەر خۆشانی ئەشق تۆ ناڵان مەکە

قالبی وەك کێومان گەر نەگرێ ڕێ
ئێمە بۆ قاف و بەرەو عەنقا دەچین

تەنیا ڕووح ئەزانێت عیشق چیە!!

ئەوانەی هەمیشە چاویان لە ئاوێنەیە و جەوهەر لەبیردەکەن،
ئەوا لە ئاوێنەدا رووخساری ناشیرینی خۆیان دەبینن،
بەڵام ئەوانەی چاویان لە جەوهەرە، هەمیشە باتینی
رۆشن دەبینن و لە ئاوێنەی رۆحەوە جوانییەکانیان سەرچاوە دەگرێ.

مەولانـایی ڕۆمی

گەر نیگای عاشق نەکا هیچ کات ئەوین
تەیرە عاشق پەرر و بالی هەلوەرین
عەقلی جوزئی چۆن لە بۆ من دێ بەکار
گەر نەبینم من لە پیشم نووری یار

من مەست و تۆش دیوانە
کێ بمانباتەوە بۆ مالەوە

زۆر زەحمەتە بۆ دیدە روخی خۆر ببینی
بێ پەردە، عەیان تاقەتی دیدار هەیەتی کەس؟
رۆمی

وتم: ئەی چاوەکانم چی؟
وتی: با هەمیشە لەسەر ڕێگەکەبن
وتم: ئەی تامەزرۆییەکەم؟
وتی: لێگەڕێ با بسوتێ
وتم : ئەی دڵم چی؟
وتی: پێمبڵێ چیت تێدا هەڵگرتووە؟
وتم: ئەی ئازار و خەمەکانم؟
وتی: لەگەڵیان بمێنەرەوە ، برین ئەو شوێنەیە کە ڕوناکی لێیوە دیتە ناو تۆوە.

مەولانـایی ڕۆمی

نیگارا!مردەکان گیان کوا دەزانن
قەلی ڕەش قەدری تاوسان کوا دەزانن
له لای بێگانەکان تاکەی دەمێنێ
نەزانان قەدری جوانان کوا دەزانن

گەر هەموو دەریا پربێ له نەهەنگ
گەر گشتی سەحرا پر بێ لەپلەنگ
گەر نیعمەت و مال پرکا چاوی تەنگ
ئاشقان دەگرن جەمالی جوانرەنگ

لاواز بووه مانگـی فـەلەکیش زۆر له خـەمی ئەو
ئەو زوهرەیی پڕ بەهرەیی سەییارەیی من کوا؟!
لـه فـیرقــەتـی ئەو دڵبـەره دەردێکـه لەنێـو دڵ
دەرمانی دڵی دەرد و دەوای چارەیی من کـوا؟!

گەر تۆ یاری من نەبیت دەی ئەم دوونیایه هیچ مانایەکی نیه بۆ من!

مەولانـایی ڕۆمی

خۆشەویستی
لە ئیـرادەی ئازادیـی خۆتـــەوە دێـــــت...
ناتوانیت لە هیچ قوتابخانەیەك فێری ببیت!

ئە ی هاودەمی ڕۆژگار چۆنی بێ من
ئەی غەمخۆر و دڵنەوا چۆنی بێ من
من لەئامێزی خەزاندا زەردم بێ تۆ
تۆ لە ئامێزی بەهار چۆنی بێ من

دڵ ئەوکاتە دڵە و هەستی پێ دەکرێت ،
کەدڵبەرێک هەبێت و بیبات ،
وەگەر نا دڵ نییە !!

بزانە عیشق بەتەواوی بێدەنگە
هیچ ووشەیەک نیە بتوانێ وەسفی بکا.

ئەگەر دەتەوێ لەنێو ئاگردا نەسووتێی
سەرەتا ببە بە ئیبراهیم،
ئاخر گەر نەبی بە ئیبراهیم ئاگر دەتسووتێنێ!

بە باران لاشەت بشۆ و
بە خۆشەویستیش دڵــت...

مەولانـایـی ڕۆمـی

جگە لە جوانی
گوناهی یوسف کوانێ؟!

خـەڵـکان مـردوون، تـەنـهـا ئـەهـلـی عـیـشق نـەبـێ کـە زیـندون!

بڕۆسەر خەرە سەرسەرین من جێ بێڵە بەتەنها
تەرکی منی خراپ کە منی شەوگەڕ موبتەلا

عەشــق هــات،
خــۆێن لــە دەمــار و پێستم بــڕا
منی لەخۆم خاڵی کرد، بە مەعشوق پڕی کردەوە

تۆ دڵۆپێك نیت لەناو زەریایەکدا،
بەڵکوو تۆ تەواوی زەریاکەیت،
لەناو تاکە دڵۆپێکدا...

بەعیشق بچرپێنە بەگوێمدا بابگۆڕێم!!

مەولانـایی ڕۆمی

عیشق هات و عەقڵ ئاوارەبوو...
شەوهات و مۆم بێ چارەبوو

بـــمكوژە،
ئەگەر بە عەشق منت كوشت،
ئەوا بە زیندوویی ئەمێنمەوە!

ئەوەندە گەرم داگیرساوم بە عیشق،
دەستم لێمەدە،
مەبادا پەنجەكانت بسووتێن!

من لە ئامێزی خەزاندا زەردم بێ تۆ
تۆلە ئامێزی بەهاردا چۆنی بێ من

وەك خاك بە ...!
تا گوڵی ڕەنگاو ڕەنگت لێ بڕوێ.

ئە و كە سە ی كە دلییت بردوە ،
گیانیشی دە كا وە قوربانت !!

مەولانـایـی ڕۆمی

خۆ من هەڵۆی ئاسمان نیم تا سوێسکەت بۆ بگرم؛
من تاجی خاکی غوربەتم،
چۆن دەتوانم بانگی سوێسکەت بۆبکەم!

خۆشەویستی تاڵی دەگۆڕێت بە شیرینی،
خۆڵ دەکات بە زیوو، ئازار بە شیفا دەگۆڕێ

دڵم بەهیچ شتێک پڕنەبوە جگە لە تاسەو ئارەزوی تۆ

ئەهلی ئیمان هەموو ترساوی دەمی کۆتایین!
ترسی من ، ڕۆینی تۆ !
ئەی شەهی ئیمان تۆ مەڕۆ .....

کە دڵت لای من نەبێت ، هاو نشینی چ سووود ؟!

ڕووی خۆت بشۆ ، عەیب مەگرە لە ئاوێنە
نرخ و سەنگی خۆت بزانە!
کێشە لە تەرازوود نیە !

ئەوە شەو لە رووناکی مانگەوەیە کە پرشنگدار دەردەکەوێت
من شەوم تۆ مانگی من ،بۆ ئاسمان بێ من مەرۆ!

مەولانـایی ڕۆمی

دەرگای ئێمە، دەرگای نائومیدکردن نیە !
گەر سەد جاریش تۆبەت شکاندووە ،جارێکی دیکە وەرەوە!

تۆ بە زمانێکی تازە قسە بکە
بۆ ئەوەی ئەم جیهانەت ببێت بە جیهانێکی نوێ.

تۆ هەموو جیهان دەگەڕێیت بەدوای گەنج و ساماندا
لەکاتێکدا گەنجینەی راستەقینە لە ناخی خۆت دایە .....

ئیدی من دەبینی بۆ هەمیشە بە دڵ شکاوی لەبەر دەری یار
چون یار دڵشکاوی خۆش دەوێت و تامەزرۆی دل شکانە !

ئەگەر وتیان عیشق چیە ؟
بلێ تەرکی ئارەزوو !!

تا یەکێك
وەفا دێنێت
هەزاران کەس، دەیبەن.

مەولانـایی ڕۆمی

عاشقم
هەم بە تورەیی
هەم بە میهرەبانی

عیشق ئاوێنەی جوانی خودایە!!

" خوا بت ژیێنێ ئەوین" ئەی پزیشکی دەردو بەڵام،
ئەی دەرمانی فیــز و لــوت بەرزیــم
ئــەی دەرمانــی دەردی نائومێــــدان!

ئەگەر چەندەها ســاڵ تێپەڕێت لە تەمەن بە بێ خۆشەویستی
ناگاتە خۆشی ساتێك لــــە ساتەکانـــــــی خۆشەویستی

ئەوین
کەشتی نوحە سوار بووەکانی ترسیان نیە لە نوقوم بوون.

سینگـێکم دەوێت بە دەردی دووری کون کون بێت
تـا بتوانم شەرحی دەردی ئیشتیاقی بــۆ بکــەم

نەی هــــەوای دووریــی گیــانان لێــــدەدات
نەی بانگەوازی شەوقی عیشقی گیان دەکات

مەولانـایی ڕۆمی

گوێ بگرە بزانە نەی چی دەڵێت، هۆشی بدەرێ
لۆکەی غەفڵەت لە گوێچکەت بێنە دەرەوە
گوێ هیچ نیە؛ هۆشت بێهۆش کە!
لە بێهۆشیدا نەبێت لە نهێنی و ڕەمزەکان تێناگەیت

زاهیدان لـە ترسەوە بـە پـێ رادەکەن بـۆ لای خـودا
بەڵام عاشقان بەباڵ دەفڕن و خێراترن لە تیشك و با

ئەگەر جگە لە تەماشکردنی مەعشوق، تەماشکردنێکی تر بوونی هەبوو،
ئـەوە عیشق نەبـووە جگــە لــە هــەرزە سەوداییـــــەك نەبێـــــــــت

عەقڵ تا بیردەکاتەوە و پلان دادەڕێژێ
عیشق دەگاتـە حەوتـەمین ئاسمــان

خۆشەویستی
لە ئیـرادەی ئازادیــی خۆتــەوە دێـــــت...
ناتوانیت لە هیچ قوتابخانەیەك فێری ببیت!

مەولانـایی ڕۆمی

ئیمـڕۆ بـای شەمـاڵ، (بـۆن)ی تـۆی بــۆ هێنـام!
منیش دڵی خۆم بە مزگێنیی پێشکەشی (با) کرد!

عەقـــــــڵ دەڵێــــــــت:
"پێکانت مەخەرە ئەوێ، چونکە لەو فەنایەدا جگە لە دڕك هیچی تر نیە"
عیشق ڕوو بە عەقڵ دەڵێ:
"ئـــــــەو دڕکانـــــــــە لــــــــــە تۆوەیـــــــــــە.."

خۆ بە دەست دانە بۆ عیشق و دوور کەوتنەوە لە عەقڵ...

ئەگەر عاقڵێك سەر دەربهێنێ، ئەوا بڵێ، ڕێگە نیە لە ناوماندا، بەڵام
ئەگەر عاشقێك بێت، سەدان جار سڵاو بێت لێی.

دڵ، سواری کەشتی (عیشق) بوو دەیبات،
بە هەموو هەنگاوێکی چەندین ڕێگای دوور دەبڕێ
بەرەو ئەولاتر و ئەو دیوی گیان...

بــــەهشـــــتێك،
کە هەر بمێنێتەوە و هەبێت
بینینی دڵبەرە!

مەولانـایی ڕۆمی

ئــەو بـــێ شوێنـــــە
وەلێ لە هەموو شوێنێك
لـــە گەڵتـــە.

نا... نەکەی بڕۆیت!
خۆ ئەگەر هەر دەڕۆیت...
هانێ رۆح و گیانم لەگەڵ خۆت بەرە!

مەعشوق هەموو بەشەکانی جەستەمی گرتەوە
ئەوەی لە من ماوەتەوە، تەنها ناوە،
ئەوی تر هەمووی ئەو...

ئەی عیشق
تـــۆ لای خـــەڵك زۆر نـــــاو و شـــۆرەتت هـەیــــە
بەڵام من دوێنێ شەو، ناوێکی ترم لێ ناویت: دەردی بێ دەرمان

ئەی دڵ
لـــەلای کـەســێك دابنیشـــــە
کە ئەهلی دڵ و ئاگای لە دڵ بێت!

مەولانایی ڕۆمی

ئەتوانین بەئاو جەستەمان پاک بکەینەوە
بەڵام
تەنها خۆشەویستی دەتوانێت دڵمان پاک بکاتەوە..

دەرگای ئێمە، دەرگای نائومیدکردن نیە !
گەر سەد جاریش تۆبەت شکاندووە ،جارێکی دیکە وەرەوە!

لە نێو هەموو ئەو رێگایانەی بۆ لای خودا دەچێت
ئەوین هەڵبژێرە!

وەک چۆن کەسێک نابینا بێت خۆر نابینێت،
کەسێکیش ئەهلی دڵ نەبێت لە ئەهلی دڵ تێناگات!

غەیری ڕووت هەرچی دەبینم نووری چاومی پێ کز دەبێت

هەر کەسێکی نەی بێ گەر عیشقی خودا
ئەو لە ڕەحم و نووری حق بێ بەش کرا..!!

مەولانـایـی ڕۆمـی

ئەو کـــەلە چـــاومی مندایە دەی من سەیری کوێ بکەم
ئەو کە شاری دڵمی گرتووە دەی من بۆ کوێ سەفـەر بکەم..

من لەئامێزی خەزاندا زەردم بێ تۆ
تۆ لە ئامێزی بەهار چۆنی بێ من

مـەثـنەویم بۆ ئەوە نەنـوسی بەس بیخوێنیتەوە و لەبەری بکەی
بەڵکە بۆ ئەوەیە بیخەیتە ژێر پێت و بگەیتە ئاسمانەکان....

کـە یـوسفـم تـۆ نەبـی
لە میسرِ ئـیشم چـییـە ؟؟

گیان لـە تینی تۆ دێتە جـۆش
دڵ لە دەفـری تـۆ دەکا نـۆش...

رۆح ببینن نەك رووخسار و ڕووکەش..

مەولانـایـی ڕۆمی

ئەگەر هەموو جیهان پڕ دڕك بێ
دڵـی عاشـق هەر گوڵ و گوڵـزارە

چـاوەكانت داخە و
بچۆ نێو خۆشەویستەوە هەر لەوێ بمێنەرەوە....

شەرحی عیشق و عاشقی نەیزانی كەس
شەرحی عیشق و عاشقی لای عیشقە بەس...

الـحق
خـەمت لە خۆت بـە وەفـا تر بـوو.....

حـاڵــی دڵدار
كوا دەزانن بـێ دڵان...؟!

یـار لـە من زیاتر لە خـۆمەوە نزیكـە........

ڕێـی وشكایی قـەت مـەگرە بەر
كـە وا دەریـای سەفـات مـنم....

مەولانـایی ڕۆمی

سبەی کەدەچنە مەحشەر..
ژن و پیاو لەترسی پرسینەوە هەڵدەگەڕین ڕووخسارەکان زەرد،،،،
من عیشقی تۆ دەخەمە سەر دەست و دەچمە پێش
دەڵیم پرسینەوەی من دەبێ لەمەکەن...!!!

غـەزەلـێکی مەولانا

خۆش خەرامان هەنگاو دەنێیت ئەی گیانی گیان بێ من مەڕۆ
ئەی ئەگەری گشت دۆستەکان بەرەو بێستان بێ من مەڕۆ
ئەی زەوی بێ من تۆ مەروێ و ئەی زەمان بێ من مەڕۆ

ئەم جیهانە بە تۆ خۆشە، ئەو جیهانیش بە تۆ خۆشە
لەم جیهانە بێ من مەبە، بۆ ئەو جیهان بێ من مەڕۆ

ئەی عەیان بێ من مەزانە و ئەی زمان بێ من مەبێژە
ئەی نیگا بێ من مەبینە و ئەی ڕەوان بێ من مەڕۆ

شەو لە تیشکی مانگەوە ڕووخساری خۆی گەش دەبینێ
من شەوم تۆ مانگی من، بە ئاسماندا بێ من مەڕۆ

دڕک لە پەنا لووتفی گوڵدا گڕی نەگرت لە ئاگردا
تۆ گوڵیت من دڕکی تۆ، بەرەو گوڵزار بێ من مەڕۆ

مەولانـایی ڕۆمی

وای لەو کەسەی لەم ڕێیەدا بێ نیشانی تۆ ڕێ دەکا
تۆ نیشانی رێگەی منیت، ئەی بێنیشان بێ من مەڕۆ

وای لەو کەسەی لەم ڕێیەدا بە بێ زانست هەنگاو دەنێت
زانستی رێگاکەی منیت، ئەی ڕێزانم بێ من مەڕۆ

خەڵک بە ئەشق ناوت دەبەن، من پێت دەڵێم سوڵتانی ئەشق
ئەی بەرزتر لە وەهمی خەڵک، هەنگاو مەنێ، بێ من مەڕۆ....

حەقیقەت... وەک شەوی قەدر وایە،
دڵنیاین کە هەیە، بەس بۆ ئەوەی پێی بگەی
ئەبێ زیاد لە شەوێک تاقی بکەیتەوە ....!

ببـە بـە هیــچ ، ئـەو ئـەکات بە هەمـوو شتێك....

تـیا مـاوم ..
مـن تــۆم ،، یـاخــود
تۆ مـنیت....

تـــۆ بـــێدەنگ بـــووی
مــــن بــێ دەنگـــیش بووم،بــاسی تــۆم ئـــەکرد...

مەولانایی ڕۆمی

پرسیار لەسەر
ئەمدنیا یان ئەودنیام مەکە،
هەردوو لەناو
جیهانی عەشقما بزرن...

لە شەوی تاریکی ژینا،
ببە مۆم و...
تا شەبەق بدرەوشێرەوە!

عەشق هاتووە تا فەرمانڕەوایی بکات،
بەئاگا بە، ئەی دڵ، بەئاگا...

لەمێژە ئارەزوو ئەکەم،
لەم زیندانەی ناخم هەڵبێم و
خۆم لە تۆدا بزر بکەم...

ئەڵێن، ئەم جیهانە ڕۆحێکی هەیە،
منیش ئەڵێم، تۆ ئەو ڕۆحەی...

مەولانـایی ڕۆمی

پرسیار لەبارەی چاوەڕوانییەوە مەکە،
تەماشایەکی ڕوخسارم بکە...

مەپرسە خۆشەویستی ئەتوانێ چی بکا و چی بخولْقێنێ،
تەنیا تەماشایەکی ڕەنگەکانی ئەم جیهانە بکە...

هاتووم لە خۆتت دەربێنم و
لەناو خۆمدا نغرۆت بکەم...
هەتووم ئەو جوانییە دەرخەم،
کە نەتزانیوە هی تۆیە و
وەك نزایەك:
بۆ ئاسمان ڕاپێچت بکەم...

وەرە با دیسان عاشق بین،
با تەواوی تەشخەڵەکانی ئەم جیهانە،
بکەینە زێڕی ڕەونەقدار...

ئارەزوومە،
وەك بولبول گۆرانی بچڕم،
بێ گوێدانە ئەوەی کێ گوێ ناگرێ،
یان چۆن هەڵیئەسەنگێنن...

مەولانـایی ڕۆمی

عـیشق بریتییە لە پشتێکردن و وازهـێنان
لە هـەمـوو جیـهان لـەبـەر خاتـری مـەعشوق.

هــەرکەس کـە شەرابـی وەسڵـی یـاریان دایـە
لای مـەزهەبـی ئەو ,کەعبە و بوتـخانــە یــەکـن...

جـا کـەسێ زنجیر بـێ چۆن شـادی دەکـا ؟
کـۆیــلە کــوانــێ هـەسـت بە ئـازادی دەکـا...!؟

ئیمـە هـی بـاڵایـن
بـۆ باڵادە چیـن .....

کە عیشق لە بەردەوە دەرهات لەدەرگای کیانی منیدا
ئیستە بووەتە سولتانی هــــەم دیــن و هەم ئیـــمانـم..

ئەوەی قومێـك لە شەرابی ئـێمە بدات
شـەوی لێ دەبێ بە رۆژ....

مەولانایی ڕۆمی

تۆ دڵۆپێك نیت لەناو زەریایەکدا،
بەڵکوو تۆ تەواوی زەریاکەیت،
لەناو تاکە دڵۆپێکدا...

لەوەتەی تۆ کەوتوویتە ناو دڵمەوە
تەواف بەدەوری خۆمدا دەکەم

شەوم وەك ڕۆژی قیامەت دوور و درێژە بەڵام
دڵم بەیانیی تۆی دەوێ سەحەر چ کەڵکی هەیە

لە فیرقەتی ئەو دڵبەرە دەردێکە لە نێو دڵ
دەرمانی دڵی دەرد و دەوای چارەیی من کوا؟

ئەو ساتە کە غەم دامدەگرێ من شادم
ئەو دەم کە خەراب دەبم ئەمن ئابادم
ئەو ساتە کە بێدەنگ و کپم چەشنی زەوی
وەك بەرق و برووسکە دەگاتە تەشق فەریادم

وەسێت نامەی

مەولانا

وەسیەتان بۆ دەکەم لە خوا بترسن،لەکاتی نهێنی و ئاشکرادا،وەکەم خواردن
و کەم خەوتن،وە کەم قسەکردن،وە وازهێنان لە گوناه و تاوان
،وە ئاگاتان بێت لە رۆژووەکانتان و بەردوام بن لەسەر نوێژەکانتان
،وە وەسیەتان بۆ دەکەم کە واز بێنن لە هەوای نەفس و شەیتانی
لەهەموو کاتێک و شوێنێک.
وەسیەتان بۆ دەکەم کە دووربن لە مەجلیسی بێمێشکەکان
و نەزانەکان و داواتان لی دەکەم کە کۆببنەوە لە کۆر و
کۆبونەوەی پیاوچاکان و ئەولیاکان .
باشترینتان ئەو کەسەیە کە بۆ خەڵکی زۆرترین سودی هەیە
،وە باشترین گوفتار ئەوەیە کە کورت و پوختبێت ،وە ستایشت
تەنها بۆ خوای تاک و تەنهایە.

سوپاس بۆ هەڵبژاردنی ئەم کتێبە

بۆ دەست کەوتنی
ناوەزەترین کتێبەکان
سەردانی ئەم لینکە بکە
www.kurd4to.ml

